# ڕەوابوون

## لەنێوان کولتووری گشتی و نەریتی لاساییکردنەوەدا



**"دەیەمین خولی هەڵبژاردنی سەرۆککۆماری ئێران (2009/6/13) وەک نموونە"**

ئیسماعیل ئیسماعیل زادە
Ismayl_zade@yahoo.com

بەڵام پاش شەڕێکی ناوەکی لە ناوچەی بەر ئاماژەی ئێمە (لێرەدا مەبەست هەڵبژاردنە) مێژووزانێک هات لە دووری دوورەوە، لەو پەڕی کاکەشانەوە هات، لێکۆڵینەوەی کرد و دەیکات لە سەر راتڵەکانەکان، بابڵێین ئەمەیان گریمان بەهێزە، هەستەوەرە کاکەشانییەکانی ئەم مێژووزانە ئاستی هەژانە بەگریمانەکراوەکەتانی تۆمار کرد. بەڵام نەیانزانی لە گۆی زەوی مردووی ئێمە هەڵنیشتووە!! بۆیە ڕەنگبێ دوور نەبێ کە گەل حازر نەبن نەتەوەی خۆیان بەو پێیە دەستنیشان بکەن کە ڕێبەران و وتەبێژەکانیان دەستنیشان و وەسفیان کردووە!

**وشە کلیلییەکان:** حیزب، حیزبی دیموکرات (دووجار)، کۆمەڵە (دووجار)، هەڵبژاردن، ڕەوابوون، بایکۆت، ئۆپۆزیسیۆن، ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

سەرجەم بزووتنەوە و گروپ و ڕێکخراوە تاراوگەنشینەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆربەی جاران بۆ پارێزران و دووربوون لە ڕەخنەکان بەردەوام بوونەوەرێکی دیکە لە فۆرمێکی دیکە، بەشێوەیەکی ناشیرین وێنا دەکەن (1) و بە بەرپرسی گشت خراپەکان دەیناسێنن و بەم چەشنە کەسانی سەربە خۆیان و ئەو خەڵکانەی کە پێیان وایە بەجۆرێک لە خۆیان نزیکن و هەروەها گریمانەی کۆمەڵگای زەینی و خەیاڵیی خۆیان و لە سەروو هەموویانەوە خۆیان کە بریتیبێ لە گرووپ، دەستە و ڕێکخراو دەخەنە سەر دەست و ڕاستی دەکەنەوە. ئەمە بە پاڵاوتنێک دەشوبهێنن کە پێیان وایە کۆمەڵگای پێناسەکراوی ئەوان واتە گرووپ، دەستەو... لە هەرچەشنە ڕەخنەیەک دادەماڵدرێ. ئەم جۆرە تەڤگەرە، یان بە ئاقارێکی درێژخایەنتر ئەم جۆرە ڕەوتانە، بۆ خۆپاراستن لە هەموو چەشنە دەست لێدران و تێکرمانی کەسایەتیی مەزن و ئاسمانییەکەیان دێن ئەم لۆژیکە بەکار دێنن، واتە تاوانبارییان لە تویێی بێگانەکان، لە نێو سەروەت و سامان، لە ئایینێکی دیکە یان ڕەگەز و شتی دیکەی لەم بابەتەدا جێگیر کردووە کە لە زۆربەی حاڵەتەکانیشدا لە وەهم و خەیاڵی خۆیاندا گریمانەی بۆ دادەتاشن. بەتایبەتی ئەوە بۆ ئەو لایەن و گرووپانە وەڕاست دەگەڕێ کە لەپاشخانی ئایدیالۆژیکیی خۆیاندا بوونی ئەمێستایان لەسەر پێیە، یان بەردەوام بەرەو رابوردوو دادەگەڕێن بۆ پێناسەکردنی هەنووکە.

بەکورتی دەتوانم ئاماژە بەوە بکەم کە لێرەدا یەکێک لە گرفتە سەرەکییەکان دەگەڕێتەوە بۆ چییبیەتیی حکومەتی تۆتالیتێر یان داخراو و دوگماتیست یان ئەو حکومەتانەی پێکهاتەکەیان **ئایدیالۆژیک – تەوەرە** کە لەبەرامبەریاندا بەگشتیی ئۆپۆزسیۆنە تارێندراوەکان بە شێوەی **خیالاوی بین** و **ناواقعی بین** باردێن، هەروەها بە هۆی ئەم دابڕانەی کە لەگەڵ گەلدا هەیانە بەردەوام پاڵ بە تایبەتمەندیی و خەسلەتەکانی کۆمەلگای سەردەمای شەڕی چەکداری دەدەنەوە و لە رووی لۆژیکی رادیکاڵ و خەساوی مێدیاییەوە خۆیان دەکەنە بەشداری تەواو لە میراتێکی کۆمەلایەتییدا کە لە رەوابوونی سیاسیی شاراوەدا دەژی، جا ئەمەش چ بۆخۆیان ئەو ئاراستەیە بگرن یان ئەو دۆخەی تێیدا دەژین بەسەریانیدا سەپێنێت.

لە لایەکی دیکەوە بەردەنگی ئەم بکەرە تاسەر ئێسکان قەیراناوییە، رووی لە بەردەنگی ئاشکرایە بە شوێن و لەکاتی دیاریکراودا. ئەویش لە هەلومەرجێکدا کە ئێمە تێیدا سەبارەت بە بەردەنگبوونی رۆژهەلاتی کوردستان دەدوێین کە سرووشتییە جیاوازترە لە کۆمەڵگاکانی دیکە و کولتوورەکانی دیکە و بەگشتی دەکرێ بۆ بکەری خاوەن پێکهاتە و مەبەستدار بە دوو لق دابەش بکرێ:

1. گشت جەماوەری شوێنی ئاماژەپێکراو کە وەک بەردەنگ وێنا دەکرێن.
2. بەشێک لەو خەڵکانەی کە لە لای ئەوان (گرووپ و تاقم و دەستەی تاراوگەنشین) خاوەن هەلوێست و وشیارییین، دەبنە بەردەنگ.

ئەم دووخاڵە لەبارەی بەردەنگەوە داماڵدراو لە هەڵە نین. لێرەدا پرسی سەرەکیی سەبارەت بە بەردەنگ ئەوەیە کە ئەو هاولاتییەکی ئەمرۆژینە. هاولاتییەکی کە بە سەرنجدان بە کێشە و گیروگرفتەکانی تایبەت بە شوناسی خۆی وەکو کوردێک بە ویست یان نەویست لە نێو ولاتێکی گەورە و فرەکولتوور و فرەنەتەوە دایە، بەپێی کارلێک و کارتێکردنی کولتوور و زمانی سەرجەم گەلانی نێو بازنەی ئێرانە لە سەر یەکتر هەڵدەسووڕێن. بە سەرنجدان بە بەڕێوەچوونی لە لایەن زمان و کولتوور و ئابووری و بەگشتی دەسەلاتی سەردەستە کە دەتوانین ئاست و پێگەی دیاری بکەین، دیارە باسی ئەو بەردەنگەیە کە گۆش کراوە و گۆش دەکرێ بە هەموو توخمێکی تایبەت بە نەتەوەی باندەست، ئەمەش وەک بنەمای سیاسەتی یەکدەستکردن یان تواندنەوەی لە یەکە سیاسی و تاک نەتەوەییەکانە بۆ پاراستنی یەکێتی ولاتی فرەنەتەوە...

بەکورتی دەمەوێ بڵێم کەلەبەر یان باشترە بڵێم دابڕانێکی بەرچاو لەنێوان **بەردەنگ** (خەڵکانی نیشتەجێی رۆژهەلاتی کوردستان) و **بکەر** (حیزب، گرووپی تاراوگەنشین)دا هەیە. دیارە من نامەوێ و ناتوانم حاشا لە نەبوونی ئەم کەلەبەرە بکەم و هیچ گومانێکی تێدا نییە و روونیشە کە ئەم خەسار و ئاریشەیە لە باسوخواسەکانی سەبارەت بە رۆژهەلاتی کوردستاندا هەیە و کەسیش ناتوانێ نکۆڵی لێ بکا و ئەم کەلەبەر و دابڕانەش ساڵ بەساڵ زێدەتر دەبێ و لایەنی بەرفرەتر بەخۆوە دەگرێ**(2)**. لە گەڕانەوە بۆ پاشیش لەڕووی زەمانیەوە، ئاساییە کە ئەم کەلەبەرە کەمترە**(3)**.

ئەم مەودایە لە چەند سۆنگەوە کارتێکردنی لەسەر بووە کە بەشێوەی سەرپێی ئاماژە بە سیانیان پێدەکەم:

1. لە لایەن بەردەنگەوە (کوردستانیانی رۆژهەلات).
2. لە لایەن بکەری خۆکردیی هەر وەک رێکخەری جەماوەر (حیزب، گروپ).

3. لە لایەن بکەری سەردەستەوە کە هاوکات بە سەرنجدان بە چەند فاکتەری گرینگ کارتێکردنی لە سەر هەرتک خاڵی "1 و 2"دا هەبووە.

***

ئەوەی لەم برگە نوێیەدا باسی لێدەکەم لەبابەت **هەڵبژاردنی دەیەمین خولی سەرۆک کۆمارییە لە وڵاتی ئێراندا** و هەروەها دەرەنجامی کاریگەرییە چەند جۆرییەکانییەتی لەسەرلەبەری ئەو وڵاتە و بەتایبەتی رۆژهەڵاتی کوردستان. بارودۆخی هەڵبژاردن و تەنانەت ئەنجامەکانی پاش ئەو هەلبژاردنە بوو بە دەرفەتێکی گونجاو و تایبەت بۆ ئەوەی بتوانرێ کەموکورتی و توانستەکانی جەماوەر و ئۆپۆزسیۆنی تاراوگەنشین هەڵسەنگێندرێن.

وێدەچی ئەو هەلومەرج و بارودۆخەی کە ئەمێستا (کاتی هەلبژاردن و بارودۆخەکانی دوای هەڵبژاردن) بەتایبەتی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان دەگرێتەوە هەلومەرجێک بێ کە لەچاو رووداو و پرس و بۆنەکانی پێشووی خۆی (لە سەرەتای دەسەلاتی کۆماری ئیسلامییەوە تا بە ئێستا) گۆڕانێکی بنچینەیی بەسەردا هاتبێ: زۆربەی باسوخواسەکانی پێش هەلبژاردن و سەروبەندی هەڵبژاردن بەتایبەتی لە نێو خۆی رۆژهەڵاتی کوردستاندا دەربڕی ئەو گوتارە پڕ لە کەفوکوڵە بوون کە جەختی لەسەر ساغکردنەوەی چەمکەکانی ریفۆرمخوازیی رابوردوو (حکومەتی – خاتەمی) دەکردەوە و ئەو کاتی سەردەمی ستارت لە دووی جۆزەردانی 1376 (1977) و ئەمێستای 22ی جۆزەردانی 1388 (2009) بە ئەزموونێکی بێوێنەی مێژوویی و دەرفەتێکی زێرین شوبهاندووە. دەسەلاتی زاڵ (لەسەر دەستی ئەحمەدی نژاد و بەگشتی کۆماری ئیسلامی) کە چیها ساڵە ماشێنی جۆراوجۆری سەرکوتی وەڕێ خستووە، لە نزیکترین حاڵەتیدا رەنگبێ وایکردبێ کە بۆجارێکی دیکە تەواوی نیگاکان وەک پێویستییەک بۆ ئەم دۆخەی حکومەتی ناوەندیی بەرەو هەلبژاردن بگەرێتەوە، ئەمیش دەتوانێ چەند هۆکاری لە پشت بووبێ وەک ئەوەی کە دەسەلاتی لەم چەشنە و بەتایبەتی لە رابوردووی دەسەڵاتی مەلاکان لە ئێران لە کاتی هەست بە کەوتنە بەرمەترسیی رەوابوونیان ئەلتێرناتیڤێک لە لایەن خۆیەوە هەڵدەبژێرێ کە دەتوانێ لە لایەن دەسەڵاتەوە ببێتە جۆرێک رێبەری و رێنوێنیکردنی مێتۆدۆلۆژیکی کە بۆ گەلی وەزاڵەهاتوو بە رواڵەت رزگاریدەری گشت پێکهاتەکانی کۆمەڵگایە و بەڵام لە نێو خۆی حکومەتدا **چەشنێکی تایبەت لە خۆیەکان دەزێنێ** کە لە هەموو حالەت و شوێنەکاندا تایبەتمەندیی سەرەکیی هاوبەشیان لەگەڵ یەکتردا هەیە. لەم ئەلتێرناتیڤەدا مۆرەکان(4) بەوپەڕی توانستیانەوە هەوڵ دەدەن جیاوازی و ناکۆکی نێوان ئەزموونی سیاسەتگێڕی و مێژووی گشتی ئەگەر نەسڕنەوە، کاڵی بکەنەوە. ئەم ئەلتێرناتیڤە بە یاساو رێسای یاریی لە دەسەلاتدا شارەزا و ئاگادارە و ئاڵۆزی و دژایەتیی کولتووریی و کۆمەڵایەتییە راستەقینەکان لە کۆمەلگادا تا ئاستی کۆمەڵێک ناکۆکیی سادە بچووک دەکاتەوە و دیسان بانگەشە بۆ پاراستنی دیموکراسی و ئازادی (لە چەشنی کۆماری ئیسلامی) دەکا.

**بۆ هەڵبژرادنەکان و بەتایبەت ئەم هەڵبژاردنە:**

1. هەڵوێستەکانی پەیوەست بە گەرماوگەرمیی پرسەکان بەتایبەتی لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا چاوەڕوان نەکراو بوون. وەک هەموو کێشەکانی دیکەش کە بەهۆی بێ توانابوون لە هەلسەنگاندنەکان بە هەل زانراون، هەر بۆیەش زۆربەی جاران جووڵان و بەدەنگەوەچوون یان دژکردەوە نیشاندان لەبەرامبەر رووداوەکاندا چاوەڕوان نەکراویش بوون (ئەم دۆخە نوێیە بوو کە رووداو و بزووتنەوەی ساز کرد ئەگەر کورتخایەنیش بێ، هێز و دڕدۆنگی و نەیاری و ناکۆکیی نوستووی وەخەبەر هێنا و خستییە سەرپێ).

2. لەمێژووی ئەم دەڤەرەدا هیچ کام لە تەڤگەڕەکان راستەوخۆ نەیانتوانی دەرفەت خولقێن بن و رەوتێکی کارامە و بنچینەیی و درێژخایەن وەگەڕ بخەن و بە ئالییەتێکی نوێیەوە خۆیان ئامادە و سەردەست ناچار بە گۆڕان بکەن، هەر بۆیە جووڵەپێکرانی مۆرەیەک لە لایەن دەسەڵاتەوە هەڵتەکانی هێزە نەیارە دەستەوەستانەکانی بەرامبەر بە دەسەڵاتی ناوەندیی بەدواوە بووە.

3. رووداوەکانی ئەم دوایانە و هاوچەشنەکانی، هاتن ئەندێشەی **تاکهێڵی بوونی مێژووی** بۆ جارێکی دیکە بەڵام لە زەمینە و ئاستێکی بەربڵاوتر و لە زەمانێکی لەبارتردا خستە بەر رەخنە و هەڕەشەی جیدییەوە، ئەویش بە ئاراستەکردنی خەسلەتە ئایدیالۆژیکییەکەی بە شێوەیەکی بنچینەیی.

4. لە دەرەنجامەکانی ئەم هەلبژاردنە سەرەڕای دۆزرانەوە و زەقبوونەوەی نایەکدەست بوونی دەنگەکانی نێو دەسەڵات (بەرچاوترینیان دوو باڵی ریفۆرمخواز و پاوانخواز)، کەشفێکی گرینگی دیکەش بوو کە بەشێوەی تایبەتی دەرکەوتنی سنووری نەبینراو و بزرکراوی نێوان گەلان و بەتایبەتی گەلی کوردی بەر ئاماژەی ئەم بابەتە و نەیارانی دەسەڵاتی ناوەندی (بەرچاوترینیان رێکخراو و حیزبە تاراوگەنشینەکان) بوو. ئەمەش سەرەڕای ناماقوڵبوونیشی بەڵام تاڕادەیەکی بەرچاو توانی جێگیربوونی خۆی دەربخا کە دەبینین هەرکام لە لایەنگران و نەیارانی هەڵبژاردن لە زەمان و شوێنێکی هاوبەش و دیاریکراودا بە پێچەوانەی یەک هەلوێست دەگرن:

**(بڕوانە بایکۆتنامەی کۆمەڵەی زەحمەتکێشان و پژاک و راگەیاندراوی هاوبەشی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران (ح. د. ک. ا) و کۆمەڵەی شۆرشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران (ک. ش.ا) کە لێرەدا ئاماژە بە بەیانیە هاوبەشەکەیان دەکەین: بایکۆتی بەرفراوانی شانۆگەریی هەڵبژاردن، ئەرکێکی نیشتمانی و هەنگاوێکی گرنگی دێموکراتیك بەرەو گەیشتن بە ئازادییە. 1388/2/30**

سەرچاوە: www.kurdistanmedia.com

**بڕوانە راگەیاندراوی هاوبەشی حیزبی دیموکراتی کوردستان (ح. د. ک) و پارتی ئازادی کوردستان (پ. ا. ک) کە وەک لایەنەگرانی بەشداریی لە هەڵبژاردن و دەستنیشانکردنی کەروبی وەک هەل و دەرفەتێک بۆ بەشداری کردنی خەڵک: "مەهدی کەڕووبی... بە جۆرێک دان بە فرەچەشنیی ئەتنیکیی ئێراندا دەنێ... ئەو ئێران بەهی هەموو ئێرانییەکان ..دەزانێ، ئەو ... داوای دابەشکردنی دەسەڵات و دامەزراندنی پارڵمانە ناوچەییەکان دەکا.. لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە کە چوونکە دەزانێ قانوونی بنەڕەتی بۆخۆی لە زۆر بارەوە کۆسپی سەر رێگای ئاڵوگۆڕە... ئێستا کە دەرەتانێک بۆ هەڵبژاردنی بەرنامەی کاندیداکان لە ئارادایە... دەستیان ئاواڵە دەبێ بۆ ئەوەی لە دوارۆژدا فشار بۆ کاندیداکان بێنن تا وەفاداربوونی خۆیان بە بەڵێنەکانیان... نیشان بدەن)**

سەرچاوە: www.kurdistanukurd.com

دوای ئەم راگەیاندنانە و بەرێوەچوونی هەڵبژاردنی سەرۆککۆماریی لە ئێراندا، بەتایبەتی بۆ گەلی بەر خوێندنەوەی ئێمە واتە کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان ئەوە دەرکەوت کە دوو جۆریی بوونی نیوان **پێناسەکردن** (ئەوەی وا نەتەوەی بان دەست، دەسەڵاتی بان دەست، ئۆپۆزسیۆنی تاراوگەنشین دەیکەن) و **راستەقینە** (ئەوەی وا خەڵک

وەک خۆی دەیبینێ و ئەمری هەنووکەیی واقیعە)، بە شیوەیەکی جیدیتر لەئارادایە(5)، جا ئەگەر لیرەدا گەل تەنانەت مەیلی بۆرەنگێکی دیکە چووبێ.
لەم نێوەندەدا حاشا لەوەش نەکەین کە هەر وەک ئامازەم پێکرد لەو هەلومەرجەی کە چییەتیی سیستمی بەڕیوەبەر و چاودێر، یەکدەستکردن و لەحالەتی قەیراندا سەرکوتگەرییە، لە هەلومەرجێکدا کە سەرجەم میدیاکانی سەر بە چوارچێوەی دەسەڵات بانگەشەی دیموکراسیی نایابی داهێنراوی خۆیان دەکەن، راست لە هەلومەرجی خەست و قورسیی یاساغبوونی هەموو ئەویترێکدا کە ئازادی و پێشێل نەکرانی گشت مافەکان بە ئۆبژەی نائامادە و لەغیابدابووی مەیل و خواستی بەردەنگ دەناسێندرێ، تویژێکی تایبەت لە کۆمەڵگای کوردیی رۆژهەڵات کە بە ئاوالناوی رووناکبیر و هونەرمەند و خوێندەوار دەناسرێن بە تەنگ بانگەوازەکانی هێزی چاودێرەوە چوون و لایەنگرییان لەبانگەشەی گۆڕانی رەسمیی کرد. لەوەدەچێ خوێندنەوەکانی ئەم تویژە فێری ئەوەی کردوون بەجێی ئەوەی دەرفەت خولقێن بن چاوەڕوان و دەستەوەستانن بۆ هاتنەئارای هەل و دەرفەت. باش بووە لە باتی بیر لە ئامادەکردنی زەمینەی لەبار بۆ چێبوونی گۆڕانی راستەقینە بکەنەوە چاوەڕوانی ئەوەن هەتا خۆیان لەگەڵ ئەلتێرناتیڤی ئاراستەکراوی حکومەت رێک بخەن.
بە کورتی دەڵێم رەنگبێ ئەم دۆخە لەوە بچی کە تایبەت بێ بەڵام بۆ چین و تویژێکی دیاریکراو لەو وزە گەنجانەی کە تەنیا لە گەرماوگەرمیی پرسەکاندا هەست بە هەقیقەت دەکەن و وێدەچی راستەقینە نەبینن(6)، بەو هۆیە کە لە هیچ داهێنانێکی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا بەشدار نین و هیچ چەشنە ئەزموونێکی رێکخراوەیی یان سازبوونی باسوخواسی نێوان تویژی خوێندەوار و خەڵکی ئاسایی وەک پێویستییەکی حاشاهەڵنەگر بۆ بزووتنەوەی جەماوەریی لەئارادا نییە. لە سیاسەتی بەرگریکردن بە شێوەیەکی نوێ کەڵک وەردەگیرێ کە دەکرێ پێی بڵێین بۆ بەرەنگابوونەوە لەگەڵ هێزی حکومەتی و تویژی ناوبراو پاساوی بۆ ئەم کارە ئەوەیە کە ئیتر سانسۆڕ و سڕینەوە یان وەبەرچاونەگرتن و فەرامۆشکردنی حکومەت کە بێ ئاکام بووە، داماوە و من پێموایە لە هەلومەرجی ئێستادا بەهۆی ئەوەی بێهیوایی بە تەواویی بەناخیدا رۆچووە، دەیهەوێ کەلەبەری نێوان خۆی وەک بەرگریکاری کلاسیک لە هەمبەر حکومەتدا و سیاسەتی سڕینەوەی حکومەت بە هەستکردن بە هەقیقەتی ئەمێستای کە تێیدا دەژی پڕ بکاتەوە.
بە سەرنجدان بە بوونی چەندین فیلتێر بۆ دەستنیشانکردنی کاندیدای بەڵێندەر بە چییەتی سیستمی حکومەت و لە سەروو هەموویانەوە رێبەر و بەهەمان تاکتیکی نەگۆڕ ئامادەیی هەبێ و لەرووی تێکنیکییەوە کار بۆ تازەکردنەوەی خۆی بکات، دەبینین کە پاش یارییێکران بە مۆرە شەترەنج ئاساکان وەک سیاسەتی گشتگیر، گرووپ و رێکخراوەکان بۆ راکردن لە قەیران و لەبنەڕەتدا بۆ هاتنە مەیدان بۆ شەڕی بە رەواکردنی خود، کەوتنە جووڵەی تاڕادەیەک نامۆ لە ناسیاوبوونیان بە شێوەی عادەتی هەمیشەیی و نەگۆڕبوونی هەڵوێست و خیتابەکانیان بۆ گەلی ژێردەستە(7). ئەم شەڕە یان بەجۆرێکی دیکە ئەم شوێندانانە رووبەڕووی هیچ لایەنێک و تەنانەت ناسیونالیزمی داپڵۆسێنەری سەردەست و دەسەڵاتی زاڵ نەبۆوە، دەکرا بەشێوەیەکی زۆر جۆراوجۆر لە بەرامبەر هەژموونی ناسیونالیزمی گرژی فارس و تەواوکەرە سیاسییەکەی واتە شۆڕشی ئیسلامی ئێران کردەوە نیشان بدا یان راستەوخۆ بەشێوەی کاتی یان هەمیشەیی بێ ئاکامبوونی گشت خەباتەکانی پێش خۆی قبووڵ بکا و رایبگەیەنێ کە ئاوا چاوەڕوانی

غەزەبی خوداین هەتا بکرێتە ئاوردوو بۆ دنیایەکی نوێ. بەڵام بەجێی پێداگریکردن لە سەر فۆرمە چەند جۆرییەکانی خەباتی سیاسیی ئەگەری زۆرە تەنیا خۆسەلماندنەوە بووە بۆ ئەو بەردەنگەی کە لە سەرەتادا باسمان کرد و بەتایبەتیی پەیامێکی رووگرژانەش بوو بۆ یەکتر و هاوچەشنەکانیان لە هەرتک بەرەی باڵی بەشداریکردن و باڵی بایکۆت کە ئێمەین هێزی سەرکەوتوو، ئێوەی بەدۆڕان چوو(8) و پشت بە نازانستی ترین و بێ بەڵگەترین زانیاری دەبەستن و ریزەکانیان لە ریگەی راگەیاندنەوە لەبەرامبەر یەکتریدا دەخەنە بەرەی دژبەیەکەوە.

**(بڕوانە هەواڵی بەشداریکردنی جەماوەری کوردستان لە هەڵبژاردنی دەیەمین خولی سەرۆککۆماریی ئێراندا لە لایەن (ح. د. ک): " هاونیشتمانانی کورد لە هەڵبژاردن وەکوو رێفراندۆمێك کەڵکیان وەرگرت... لە هەموو شارەکان بەشداری خەڵک لە چاو دەورەکانی پێشوو چەندین بەرامبەر بوو".**
**سەرچاوە:** www.kurdistanukurd.com
**بڕوانە سوپاسنامەی هاوبەشی (ح. د. ک. ا) و (ک. ش. ا) وەک بانگەشەکاران و خوازیارانی بایکۆتی هەڵبژاردن: "لەم نێوەدا خەڵکی کوردستان وەك هەمیشە... لە داوی چەواشەکارییەکانی رێژیمی ویلایەتی فەقیهی نەکەوتن... و نەتەوەی ئاگاو مافویستی کورد، بە پێشەنگایەتیو رێبەریی هێزە سیاسییە رەسەنەکانی نێو بزاڤی رزگاریخوازانەی کورد، شانۆگەریی هەڵبژاردنی کۆماری ئیسلامییان بایکۆت کرد..."**
**سەرچاوە:** www.kurdistanmedia.com
**بڕوانەماڵپەڕی رۆژهەلات زمانحاڵی پژاک کە ناڕاستەوخۆ سیاسەتی لایەنگری بەشداریکردن لە هەڵبژاردن دەکاتە ئامانج و مەبەستیشی لەو هەواڵە رەتکردنەوەی هیچ کام لە دەستنیشانکراوانی دەسەلات نییە تەنیا رووی لە بەرەواکردنی خۆیەتی: "بە گوێرەی زانیاریەکان، کەڕووبی لە شاری مەهابادی ناوەندی موکریان و گوندەکانی دەوروبەری، تەنیا 117 دەنگی وەدەست هێناوە... ئەوە لە کاتێک دایە کە دوو پارتی کوردی (ح. د. ک) و (پ. ا. ک)، پشتیوانی خۆیان لە وتەکانی کەڕووبی ڕاگەیاند بوو. 2009 06 13 - 13:18**
**بابەتی سەرنج ڕاکێش ئەوەیە کە دوای سەرژمێری دەنگەکان، دەرکەوت کە کەڕووبی لە شاری سنە و گوندەکانی دەوروبەری، تەنیا 125 دەنگی هێناوە. 2009 06 13 - 22:00"**
**سەرچاوە:** www.rojhelat.info

بەڵام هەلبژاردن تەواو بوو، پێگەیەک لە پێکهاتەی سیستمی **ئایدیالۆژی – تەوەر** قایمتر بووە. دەرکەوت کە خواستەکانی بەتایبەتی کورد لەو یارییەدا نەتوانرا لەگەڵ سەردەستەکان هاوتەریب بکرێ یان بگونجێنرێت. ئیتر یاریی تەواو بوو، مێژوو هەر وەک رابوردوو لە لایەن ئەم کاری گروپینگانەوە بۆ بەهانا چوون یان سانسۆڕکردنی حکومەت تۆمار کراوە. لەم دۆخەی ئێستادا دەرکەوت کە وادیارە کاری گروپینگ لە هەرکام لە رەش و سپییەکاندا کە تەنیا ئەوان رێگەپێدراون بۆ بەڕیوەبردنی بڕیارەکانی چینی زاڵ، واتای هەبووە. بەڵام یارییپێکراوەکان بەداماڵدراو لە وشیاریی نەتەوەیی و بە دەرخستنی پارادۆکسەکان لە کردار و خۆنواندنیان بە ئارامیی درێژەیان بە رەخنە لە دەستە نادیارەکانی نێو یەکتریدا. ئیتر دەرکەوت کە سیاسەتگێڕە گروپییەکان لە تاراوگە، ناترسن کە رەوابوونیان لە گۆڕەپانی لێکدانەوە و ئانالیزدا لەکیس چووە بەڵام پێشیان وانییە کە هەموو جۆرە جووڵە و کارکردنێکیشیان بە شیوەی ئوتوماتیکی سەرلێشێواویی بەرچاو نیشان دەدا(9).

بەگشتی ئەوە نابێ لەبیری هیچ کەمینەیەکی بن دەست بچێ کە بۆ سەردەست و ئەوانەی رێگەیان بە ڕاوابوونی نەتەوەی زاڵ داوە، واتە نەتەوەی فارس و ناسیونالیزمە دەمار گرژەکەی، بنەڕەتی نەتەوەیی بوون کاتێ گونجاوە و رێگەی پێدەدرێ و بانگەشەی بۆ دەکرێ کە مەبەست و دوائارمانجی یەکگرتوویی و وێکخستنی بە پێی پێناسەی حکومەتیی گروپە جەماوەرییە پڕشووبڵاوکانە بە شوناسی نەتەوەی زاڵ لە گشتێکدا و

ئەگەر بچووکترین توخمێک یان رەنگێکی جیا لەوە بیندرا ئیدی رێگەی لی زەوت دەکرێ و نەباش و نەگونجاو دەبێ لەبەر ئەوەی دەیهەوێ دەوڵەتێک دابەش بکا.. هەر بۆیە بەهەر جۆرێک بێ بە توندترین شێوە لە هەمبەر نەگونجاویی فرەنەتەوەیی بوون واتە دابەشکرانی دەوڵەت رادەوەستێ.

لایەنی هاندەری خەڵکیش بۆ بەشداریکردن لە خاڵێکی زۆر گرینگ و حەیاتی خافڵن و ئەویش ئەوەیە کە لێک نزیککردنەوە و تێکەڵاو و ئاوێتەکردنی **نەتەوەخوازیی نادەوڵەتیی** (نەویستتراو ورەتکراوەی دەوڵەت) لەگەڵ **نەتەوەپەرستی دەوڵەتیی**(10) کە لەسەر دەستی دەسەڵاتەوە گەشەی پێدەدرێ هەڵەیەکی سیاسی و مەترسییەکی رووخێنەرە. (وەک هاندانی خەڵکی رۆژهەڵات بۆ بەشداریکردن لەم چەشنە هەڵبژاردنەدا). ئەم هەنگاونانە بۆیە مەترسی هێنەرن چوونکە پێوانەکانی نەتەوەخوازیی نادەوڵەتیی بەرفرەتر و گشتگیرترە و هەموو چین و توێژەکان لەناو وڵاتدا دەگرێتەوە، هەر بۆیە سازاندنی لەگەڵ نەتەوەپەرستیی دەوڵەتیی کە بە ئاراستەی تاقمێکی دیاریکراو و توێژێکی تایبەت کە هەمان سەردەستەکان بن شۆڕ دەبێتەوە، نرخێکی گرانی دەبێ. بۆیە بە گشتی لێرەدا دەڵێم کە بوونی چییەتیی ئۆپۆزیسیونی لەم چەشنە ئیزنی بە دەسەڵاتی زاڵ داوە لە یەکتر بە قازانجی خۆی دەسەڵات و بۆ بەربەرەکانی کردن لەگەڵ نەتەوەخوازان کەڵک وەربگیرێ بەتایبەتی لەم دەیەیەی رابوردوودا کە قەیران پشووی لێ بڕیون، دابەش بوون، مەزنایەتیی لێ ئەستاندوون، راستیەکان لە بەشانازیی ناسراوەکاندا دەردەکەوێ، واتە لەجیاتی ئەوەی یاریدەدەر بن بۆ رزگاربوون لە بندەستیی، رێگر بوون لە سەر رێی وشیاریی نەتەوەیی..

لە لایەکی دیکەوە بایکۆت و خوێندنەوەی نەگۆڕی هەموو پرسەکان کە گشت پێوەرەکانی لە رابوردووەوە ئامادە کردووە، کلیلی سەرەکیی درک و تێگەیشتنی هەنووکەی داهاتووی ئەمر کرد وەک وەبیرهێنانەوەی زێڕینی لە تێگەیاندنی ناڕاستەقینەی مێژوویی، ئەم بوو بە دەربڕینی تایبەت بۆ ستەملێکراوان و سەرەکیترین توخمی ئەخلاقی و بۆیە کوتیان ئەمە هەقیقەتە و لە چنگمان راناکا.. بەڵام ئەوە دەتوانێ سەرخانی پرسەکە بێت و بتوانرێ ئەم هەوێنەی لێ هەڵوێنجرێ کە باش لەوە تێگەیشتوون کە لە کۆمەڵگادا هێزێکی ئەوتۆ نین کە ئاراستەکەیان دەنگی زۆرینە تۆخ بکاتەوە، بۆیە ناڕاستەوخۆ دەبێ لە رێگەی بایکۆتەوە ئازادیی خۆیان رابگەیەنن و خۆیان لەم گێژاو و بێدەرەتانییەی کە دەوروبەریانی تەنیوەتەوە رزگار بکەن. ئەگەر هاواریان کرد و کەس بەرەوپیریان نەچوو یان گوێی کەس نەبزووت، بە کارەساتی بێدەسەڵاتیی خۆیانیان زانی.. بەڵام خۆ ناشتوانن دەست لەسەردەست دانێن و چاوەڕوانی ئەمڕۆ و سبەینێ بکەن کە رەنگە لە سیاسەتدا گۆڕانێک روو بدا.

بەڕاستی چییەتی ئەم هاتوهاوارەی گۆشەگیریی سیاسی یان تووڕەبوون و پەلەقاژەی ناسیاسیی چییە؟ بۆیە پاش ئەوەی بۆ جارێکی دیکە مێژوو دووپاتی کردەوە کە ئایدیالۆژیی لە پێگەی دەسەڵات و هێز، لە دۆخی رکەبەریی ناوخۆیی و ناوگرووپیدا بەراوردکردنەکان بەرەو لای خۆی دەنرخێنێ. پاش سەرکەوتنیشی (حکومەت) هەموو ئەو هەقیقەتە کاتییانەی سەردەستی خۆی بە شێوەیەکی قین لەدڵانە دەکات بە درۆ.

ئیدی کاتی ئەوە هاتووە ئەم چەشنە لە بزووتنەوەیە وەک گەل بۆ دۆزینەوەی شووناسی نەتەوەیی بێت بەسەر لاوازیی و ترسدا زاڵ بێت. ئەم ترسە رەنگە لە ماوەیەکی دیاریکراودا لە لایەن هێرشبەری دەسەڵاتی ناوەندییەوە بووبێ، بەڵام بۆ

هەمیشە وانییە و بەڵکو تەمەنێک بەکۆچکردنی خەڵکی بووە لە لایەن ئۆپۆزیسیۆنی بەتایبەتی تاراوگەنشینەوە کە ئەویش خۆ دوورخستنەوە بووە لەبەربەرەکانیکردن..

لەلایەکی دیکەوە گەر بە وردی سەرنج بدەین و لایەنە مێژووییەکانی هەڵسەنگێنین کە لەپشت ئەم ترسان و هەست بە نەبوونی ئاسایشی ژیانەدا کارەساتی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و دەروونیی سەریهەڵداوە و بەهۆی لێکترازان و لێکهەڵوەشانەوەی گروپ و دەستە و حیزبەکان بۆیە پێی دەڵێم کارەسات لەبەر ئەوەی لە فەزای زەینی (خەیاڵیی) بە رۆحی عاتیفییەوە وەکو خێوی گشت کردارەکانی ناو کۆمەڵگا چاو لە تاراوگەنشینی رێکخراو دەکرا.

لەو کۆمەڵگایانەی کە گوشاری گشتگیر بینەقاقای خەڵک رێکدەگوشێ گەل مەیلی خۆراگریی بۆئەوە دەچێ کە تاقەت بێنێ و لە چاوەڕوانیدا شەڕ بۆ مانەوە بکا. خەساری ئەمەش خەسانی رووناکبیران و کارەکتێرە کاراکان بووە لەم چەشنە بەرخۆدانەدا.لەبەر ئەوەی ئەوان لەم دۆخەدا پێیان وابوو درکی مێژووییان بۆ هەڵبژاردنی هەڵوێستی خۆڕاگریی لە فۆڕمی چاوەڕوانیدا هەبووە کەچی ئەوەی تا بە ئیستا دەرکەوتووە بۆچوونێکی تیۆریک بووە و هیچی دیکە.

لەوەدەچێ حیزبەکان نەزانن لەگەڵ ئەسلی چارەی خۆنووسین چ بکەن، بەشێکیان بەهۆی بەهەڵە تێگەیشتنیان لە چەمک و زاراوەی کۆمەڵگای مەدەنی و کۆمەڵگای سیاسی، تووشی قەیرانی زێدەتر بوون لە بڕیاردان یان هەڵسەنگاندنەکانیان لەسەر کۆمەڵگای رۆژهەلاتی کوردستان و بۆیە، دەبێ بزانرێ کە سیستمی سیاسیی لە گۆڕانکاریی ئابووری و ئەخلاقی و کۆمەلگای مەدەنییەوە رێچکە نابەستێ و کۆمەلگای لەم جۆرەی رۆژهەڵاتی کوردستان قەت لە دەست تێوەردرانی سیاسی ناپارێزرێ.

رەنگە باشتر وابێت هەقیقەت لە هەوڵ و تێکۆشان بۆ رزگاری و گەیشتن بە ئازادیی ساز بکرێتەوە. دوورکەوتنەوە لە ئامازەکانی رابوردوو و تێپەڕبوون لە قەیرانەکانی هەنووکە، ناسینی هەڵەکان و رووبەڕووبوونەوە لەگەڵیان ئەمرێکی پێویستی هەنووکەییە. هەڵگرتنی ژێستە نەرێنییەکان بە ئاشکرا دەرەنجامی بارودۆخی هەڵبژێردراوە و لە رووی ناچارییەوە ئەرێ بەم نیگاتیڤ بوونە دەگوترێ و پاساوی بۆ دەدرێتەوە. خاڵە هاوبەشەکانی سەرجەم پرسە پێشەنگەکان بدۆزرێنەوە و لێک نزیک بکرێنەوە، با هەقیقەت لە زەین و فکری بەستووی رابوردوو و هەنووکە جیا بکرێنەوە.

## پەڕاوێزەکان:

1. ئەمە تەنیا تایبەت بە تاراوگەنشینەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان نییە بەڵکو لە ئەنجامی کردەی بێبەزەییانە و داخرانی حکومەتی ناوەندیی دابڕان دەکەوێتە نێوان توێژی دەسەڵات و بەشێک لەو چین و توێژانەی دیکە کە لە کولتوور و سیاسەتی ژێر دەسەڵاتی خاوەن دەسەڵاتدا پێگەیان چۆڵ دەکرێ یان وەبەرچاو ناگیرێن و دەسڕدرێنەوە (Exclusion)، ئیتر هەر چەشنە بەشداریکردن یان جووڵەکردن لە سیاسەتی بەڕیوەبەری کۆمەڵگادا بە تێکدەریی و ئاژاوەگێڕیی ناودێر دەکرێ. بۆیە کەمینەی بەر دەستدرێژیی یاساغ دەکرێ، لەبەر ئەوەی دەبیندرێ کە ئازادییەکەی لە ناوەرۆک بەتاڵ بۆتەوە و لە بەردەوامبوونی لەم هەرێمی دەرکران و یاساغبوونەدا بۆ ماوەیەکی کورت یان درێژخایەن و بۆ پاساودانەوەی سەرکەوتوونەبوونی لەبەرامبەر دەسەڵاتدا بوونەوەرێکی تێکدەر و بەرپرسی گشت خراپەکان وێنا دەکا. لەئاستێکی دیکەدا حکومەتە تۆتالیتێرەکان لەم راهێنانە دووگماتیستییە کەڵک وەردەگرن.

2. بۆچوونی من لێرەدا چ لە حاڵەتە پڕاکتییکیەکەی دابێ: کە دەبیندرێ دابڕانی چەندین ساڵەی ئۆپۆزیسیۆنی تاراوگەنشینی سەر بە رۆژهەڵاتی کوردستان بە چەندین هۆی روون و ئاشکرا ناتوانێ یارییپێکردن بێ بە بەڵگەو نیشانەکان کە تا ئەم چەند ساڵەی دواتر خودی حیزبەکانی تاراوگەنشین حاشایان لەم پرسە کردووە.

چ لە حاڵەتی روودانی واتای پڕ هەقیقەتی لە نێو زماندا: کە پاش ئەو هەموو لەتوپەتبوون و قەیران کەوتنە نێو یارییەکی بورجنشینی و وایکرد بتوانین کە هەقیقەتی نەتوانینی لە خۆڕاگریکردن لەبەرامبەر قۆرغکاریدا بە پێی یاسا و رێساکانی یاریکردنەکە رابگەیەنین..

3. لە ساڵانێکی کە هێزی حیزبەکان لە ناو رۆژهەڵات و لە شارەکاندا لە جووڵەیەکی رادیکاڵیی توندوتیژانە دابوو و لەپێگەی خەباتکارانەدا رووبەڕووی زەین و هزری نەگۆڕ و بەستووی هێزی فەرمی دەبۆوە لە هیچ کام لە بوارەکان و بەتایبەتی لە بواری سیاسیی، ئابووریی، کۆمەڵایەتییدا... نەیتوانی خۆی تاقیبکاتەوە، هەر بۆیە بۆ ئەوکات مێژوویەکی لە بوارێکی دیکەدا بە سەرسڵامەتی تاقی کردۆتەوە.

4. لە سیستمی حکومەتی کۆماری ئیسلامیدا کاندیداکان دەبێ لە فیلتێرەکانی پاراستنی بەرژەوەندیی سیستمدا تێپەر بن، واتە دەستنیشانکراوی حکومەت و ئەوانەی متمانە و بەڵێنیان بە حکومەت داوە.

5. هەموو دامودەزگا سەربازی و ناسەربازییەکانی حکومەت چالاکیان بۆ ئەحمەدی نژاد کرد. ئۆپۆزیسیۆنی وەک (ح. د. ک) و (پ. ا. ک) متمانەیان بە کەڕوبی دا. لایەنگرانی بایکۆت و لەسەروو هەمووانەوە (ک. ش. ا)، پژاک، (ح. د. ک. ا)، کۆمەڵەی زەحمەتکێشان دەچنە ژێر وشەی پێناسەکارانی هەڵبژاردنەوە.

لە لایەکی دیکەوە دەنگدەران لە رۆژهەڵاتی کوردستان کە چوونە سەر سندووقەکان و دەنگیان دەکەوێتە ژێر وشەی راستەقینە.

6. بۆ نموونە سەردەمی سەرۆککۆماریی خاتەمی ناسراو بە 2ی جۆزەردانی 1997، نەیتوانی ببێت بە پرۆسەیەک و درێژەی پێبدرێ و بەرژەوەندییەکانی سیستمی کۆماری ئیسلامی ئێران ئەمری کرد کە رۆڵێکی دیکە کارا بکرێت.

7. بۆیە دەڵێم نامۆ چونکە پاش ئەوەی (ح. د. ک. ا) لەت بوو، لایەنی جیابۆوە پاشگری "ئێران"ی لە خۆی دامالی و با نێوی (ح. د. ک) خۆی راست کردەوە. داماڵینی نێوی ئێران خوازە و نیشانەیەکە بۆ ناسیۆنالیزمێکی رادیکاڵ و خەباتکردنە لە پێناو سەربەخۆیی و پێکهاتنی کوردستانی مەزن. بەڵام لەم هەڵبژاردنەدا بە وەرچەرخانێکی 180 دەرەجەوە بە دەنگ پرۆگرامەکانی کەرووبییەوە چوو و خۆی بۆ بەشداریکردن لە حکومەتی کۆماری ئیسلامیدا پێشنیار کرد.

8. ململانێی لایەنگران و نەیارانی بایکۆتی هەڵبژاردن لەگەڵ یەکتر کە لە چەندین وتار و راگەیاندراو و بەرنامەی رادیۆیی و تەلەڤیزیۆنیدا رەنگی دایەوە.

9. (ح. د. ک) لە هەواڵێکدا بەشداریکردنی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان لەهەڵبژاردندا بە نیشانەی رەتکردنەوەی حکومەتی کۆماری ئیسلامی شوبهاند، بەڵام لێرەدا خاڵی جێی سەرنج ئەوەیە و من پێموایە ناڕاستەوخۆ پێگە جەماوەرییەکەی خۆی دەخاتە ژێر پرسیارەوە، لە بەر ئەوەی بە پێی هەمان ئاماری حکومەتی کە حدک پشتی پێ بەستووە کەڕوبی لە هیچ کام لە شارەکانی رۆژهەڵاتی کوردستاندا نەیتوانی دەنگێکی ئەوتۆ بەدەست بێنێ، لەم پێوەندییەدا بڕوانە هەواڵی ماڵپەڕی فەرمی حدک کوردستان و کورد :

(کوردستان و کوردنیوز: خەڵکی کوردستان لە هەڵبژاردنی ئەم جارەدا بە بەشداری کردن "نا"یەکی گەورەیان بە رێژیمی کۆماری ئیسلامی کوت. بە پێی هەواڵەکان سەرەڕای راگەیاندنی رەسمی ستادی هەڵبژاردنی وەزارەتی نێوخۆ، ئەحمەدی نژاد لە شارەکانی کوردستان کەمترین رێژەی دەنگی وەدەست هێناوەو خەڵك زیاتر دەنگیان بە هەردوو پاڵێوراوی باڵی رێفۆرمخواز داوەو لە زۆربەی شارو ناوچەکاندا مووسەوی و لە هەندێك ناوچەشدا کەڕووبی زیاترین دەنگیان وەدەست هێناوە... **سەرچاوە: www.kurdistanukurd.com**).

10. نەتەوەخوازیی رەسمی یان دەوڵەتیی چەشنێکە لە نەتەوەخوازیی ئەتنیکی. ئەم چەمکە کە ئایدیالۆژیی نەتەوەخوازیی بێت بە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی واتە وەبەرچاونەگرتنی راستەقینەی فرە نەتەوەیی بوونی ئێران دێنە گۆڕێ. ئەم چەشنە لە نەتەوەخوازیی بە یارمەتی و کەلکوەرگرتن لە ئامراز و دەرفەت و هێزی حکومەتی دێت بۆ سازکردنی شوناسی نەتەوەیی خواستراو و جێی مەبەست و وشیاریی نەتەوەیی تەنیا تایبەتمەندیی نەتەوە یان قەومێک پشت راست دەکاتەوە و پشت لە تایبەتمەندیی نەتەوەیی یان قەومیی دیکە وەک رەنگ و ئایین و ئایینزا و زمان و کولتوورەکانی دیکە دەکا. بەم جۆرە **لۆژیک – تەوەر**ێک هەڵدەبژێرێ و لە ئایدیالۆژیەکەیدا تنیا شوناسی گروپێکی تایبەت دەکاتە بناغەی ژیانی خۆی.

***